
شیعر



هاشم سەڕاج

# مەی


دوای نۆشینی ئۆزۆی عیشق
"بادە"ی هەمیشە رازاوە
لە شێوەی
شەبەنگێکی بنێس و سپی
دەرکەوت و درەوشایەوە
خەیاڵ و دیدەمەست
سەوداسەر و موبتەلا
دەستم خستە دورجی دڵ و
لەتێ سۆزی ئاوێتە بەمەرجانم دەرهانی!
پێکەنی و گوتی:
گەردوون لە نێو دڵی مندا خول دەخوات و
دڵۆپ دڵۆپ  دڵۆپ  دڵۆپ
بۆیەی پەلکەزێڕینەیی دەبارێنی!
سەرمەست و شەیدا و پەرێشان



بەڕێ کەوتین
لەوحەکانی شەومان دەخوێندەوە و
ئاوازەکانی
"میهر" مان دەچڕی و
پەرەنگی یاقووتەکانی ڕۆح
یەکبارە دەخرۆشا!
بادەی مەلەک بە چکە جارجارە
زوڵفە برۆنزییەکەی
پەخش و پەخشان دەکرد و
داو داو داو داو
لە گەردنی زراڤی دەئالاندن و
پێدەکەنی پێ!
ئەی "کەڤاڵی پارێزراو"
تۆزێ مۆڵەتمان دە مۆڵەت
بەڵکو
لەم ڕۆحستانە ئاگراوییەدا
گەمە گەرمەکانی سەودایی
ئەنجام دەدەین
مۆڵەتمان دە ئەی میهر
دەبا پرشنگە شینەکانی جوانی پەتی و
شکۆمەندی ڕەها بنووسینەوە و
تۆسقاڵێ دڵ و دەروونی نەسرەوتمان
ئارام وئاسوودە بێ
ئێمەی ڕێبوارانی باخ و بێستانەکانی وشە
کەڤاڵی حوسن و فۆنیمی لەنجەدار




له خشته‌مان ده‌با و هه‌میشه زه‌ینی شێواومان
به‌گومان و نیگه‌رانی سزا ده‌درێ و ئه‌و ده‌مه‌ی
مه‌ست ده‌بین  سه‌راپای گیانمان داده‌گیرسێ دا
هه‌مدیس  به‌ڕێ  که‌وتین
به‌ڵام بۆ کوێ؟!
شه‌و کراسێکی مۆری ئاودامانی خه‌ت خه‌تی
زیواڵ زیواڵه و به‌رده‌وام  له‌ته هه‌ڵوه‌شاوه‌کانی
به‌شاراوه‌یی و له‌خۆوه مانه‌ندی
سیستمی توندڕه‌وی زیندانی زه‌مان و
سه‌ما غه‌مگینه‌کانی خه‌زه‌ڵوه‌ر
داده‌بارێنێ دا



ئێستا روو له کوێ بکه‌ین ئه‌ی خودا
وا خه‌ریکه شه‌و راده‌شکێ !
باده‌ی مه‌له‌ک به چکه به‌شێنه‌یی
له‌ترێ ده‌دا و دانه دانه دانه دانه‌ی
دوگمه‌ی کراس و سینه‌ی
واز ده‌کرد و  پێده‌که‌نی!
منیش به پێودانگه‌کانی وه‌جدی دڵ
نه‌خشه‌کانی خوداوه‌ندم ئه‌ژمارده‌کرد و
له پڕێکا  بێ هه‌ست و خوست
له ته‌شقی  ئاسمانی رازاوه‌م  ده‌ڕوانی و
خه‌فه‌تێکی خه‌نه‌یی
ئاماڵ وه‌نه‌وشه‌یی دایده‌گرتم
له‌وێ له نزیک "په‌رستگای گیان"دا
هێڵنجی دا و

من پەشۆکام
سەرسام و کەسەردار و سەرگەردان
بیرم لە هیچ دەکردەوە و پێدەکەنیم
عەتری زوڵف وئەگریجە و شکەنی
شەپۆلی دەدا و دەدرەوشا و دەپرشایەوە
ئەی خودا
دەتگوت لەتە خۆرێکی درێژکۆڵەی حەڵواییيە و
کەفە کەسک و سوورەکانی شاڵاوی تاعوون
کەڤاڵە یەزدانییەکەی لێ دەسێنن!
هاوارم کرد
بادە ئەی فروستادەی ئەزەل
وەی توحفەی عەرشی موعەللا
نووری زمرووت و رەونەقی
زەنگیانە قودرەتییەکانی نەخشی رووخسارت
لە ئینجانەیەکی کریستالیدا کۆ دەکەمەوە و
پاشان بە تەوژمە سوورەکانی
ڕەشەبای ئەزەلیان دەسپێرم
بادەی هەمیشە رازاوە لەتری دەدا و لەتری دەدا و
دەدرەوشا و دەپرشایەوە و دەدرەوشا و دەپرشایەوە و
تا لەنێو مەفتەنی درەوشاوەی پڕ رشانەوەی
شەودا ون بووین و
تا هەتایە ون بووین و نەگەڕاینەوە
و ن ب و ی ن و ن ە گ ە ڕ ا ی ن ە و ە



٢٠٠٥/١٢/٨